# ئەی خەڵکینە، بە هێوری پێشبکەون، چاکەکاری بەپەلە کردن بەدەست ناهێندرێت

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە عەرەفاتەوە چوو بۆ موزدەلیفە -ئیفازەی کرد:أَفاضَ- لە ڕۆژی عەرەفەدا، ولە پشتیەوە دەنگی بەرز ولێدان ودەنگی وشتری دەبیست، بۆیە -صلى الله عليه وسلم- بە قامچیەکەی ئاماژەی بۆیان کرد وفەرمووی: «ئەی خەڵکینە، بە هێوری پێش بکەون، چاکەکاری بەپەلە کردن بەدەست ناهێندرێت».«

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە عەرەفاتەوە چوو بۆ موزدەلیفە -ئیفازەی کرد:أَفاضَ- لە ڕۆژی عەرەفەدا ولە پشتیەوە دەنگی بەرز ولێدان ودەنگی وشتری دەبیست، وئەمیش بەهۆی کردەوەی ئەو خەڵکانە بوو کە لە سەردەمی جاهیلیەتدا لەسەر ئەم جۆرە کاران ڕاهاتبوون؛ چونکە لە سەردەمی جاهیلیەتدا ئەگەر لە عەرەفاتەوە بەرەو موزدەلیفە بهاتنایە ئەوا زۆر بەخێرایی دەهاتن بۆ ئەوەی بگەنە شوێنی مەبەست پێش ئەوەی تاریکایی شەویان بەسەردا بێت، وئەمیش هۆکاری ئەوە بوو کە زۆر بە توندی لە وشترەکانیان دەدا، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە قامچیەکەی ئاماژەی بۆیان کرد، وفەرمووی: ئەی خەڵکینە بە هێوری ڕێ بکەن وپێش بکەون، چونکە چاکەکاری وخێر ئەنجامدان بەپەلەیی وخێرایی ڕۆیشتن بەدەست ناهێندرێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3034

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee